# "گەردوون لە ڕوانگەی قورئان و فەرموودەوە"

## ئامادەکردنی ستافی دییدات

Deedat staff

©2018

## پێشەکی

بسم اللّٰه الرحمن الرحيم

خوێنەریی خۆشــەویســت لەڕوانگەی درککردنمان بە کۆمەڵێ اعجازی عیلمی لەقورئان و حەدیس دەربارەی" خەلقی کەون "و لەژێر ڕۆشـنایی ئایەتیی (قُلْ سِـيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ... ) هەسـتاین بە ئامادەکردنی ئەم زنجیرە بابەتە، وە باسـکردنیی لە سـەرەتای دروسـت بونیەوە تا کۆتایی هاتنیی بەو شـێوەیەی کە لە قورئان و فەرمودەدا باســکراوە،پاشــان ڕونکردنەوەی چەند گومانێک دەربارەیان. تا ئێوەی خۆشــەویســت بە موســوڵمان و بێ بـاوەڕەوە ســودی لێ ببین.

## زانستیی گەردووناسی ( cosmography)

ئەو زانستەی کە پانتییەکی بەرفراوانیی لەڕیزبەندی ئەو زانستانە گرتووە کە قورئان و فەرموودە باسی لێوە کردوون .وە گەردونیش لەگەورەترین خەلائیقی خودا دێتە هەژمار .هەروەک خودا ئەفەرموێ:
(خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ النَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ)

واتە:بەڕاستی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی لە دروستکردنی خەڵکی زۆر گەورە و گرنگترە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە تێناگەن و پەی پێ نابەن و نایزانن [سورەتی غافر 57 ] وە ئەم زانستەشی بەگرنگترین و بەسودترین زانست داناوە بۆ مرۆڤ تاکوو لەڕێیەوە تێ بفکرێی و ئەقڵ و هۆشی بخاتە کار تا پەی بەخالقیی خۆیی و توانا و دەسەڵاتیی بەرێ . هەروەک چۆن ئەفەرموێ:
( إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ)
واتە :بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و لە ئاڵو گۆڕی شەو و ڕۆژدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند...
[ سورەتی آل عمران 190 ]

# بەشی یەکەم

**- سەرەتای گەردوون**

خودای میهرەبان لە قورئاندا ئەفەرموێ:

(ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طوعا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ) [سورەتی فصلت11 ]

واتە :ئینجا ویستی ئاسمان ڕێک بخات و دروستی بکات لەکاتێکدا کە دوکەڵ بوو، جا بە ئاسمان و زەوی فەرموو :فەرمانبەردار و ملکەچ بن، بەخۆشی خۆتان یان بەزۆربتانخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە؟ !هەردوولا خێرا وتیان :ملکەچی تۆین و چۆن دەفەرمویت وا دەکەین.

بەڵێ وەک لە ئایەتەکەدا ئەبینیین پەروەرێنمان هەواڵیی سەرەتای دروست بونیی گەردونمان پێ ئەدا، وەک لە ئایەتەکدا ئەفەرموێ سەرەتای گەردوونتەپ و تۆز و دووکەڵ بووە کە ئەمەش زانستیی فەلەکیاتی ئەمڕۆ پشتڕاستیی ئەم وتەیەمان بۆ ئەکاتەوە )تێبینی/دەگونجێ وشەی" السماء "لە ئایەتەکەدا بە گەردوون تەفسیر بکەین (پاشان ئەبینین لە ئایەتەکەدا باسیی جۆرە قسەکردنێک دەکات کە گەردوون و زەویی ) لەوانەیە بپرسیی چۆن زەویی هێناوەتە قسە لەکاتێکا ئەوکات زەوی بونی نەبووە؟ ئەکرێ لەوەڵامدا بڵێین ڕاستە زەویی بەم پێکهاتەیەی ئێستاوە بونی نەبووە بەڵام بەشێک بووە لەو تەپوو تۆزەی کە ئەوکات هەبووە واتە لەناو تەپ و تۆزیی گەردوندا نقووم بووبو وە بەگەردونەوە نوسابوو (وەک ملەکەچییەک بۆ

دروسـتكاریی هاتوونەتە قسـە كە ئەم قسـەكردنە ئەكرێ بەو دەنگەی حسـێب بكەین كە زانسـتیی ئەمڕۆ دەڵێ لەسـەرەتای دروسـتبونیدا دەنگێكیی زەبەلاحی لێوە دەرچووە.

هەروەها زانستی ئەمڕۆ بەتەواوی پشتگیری ئەم دەقەی قورئان دەكات كە دەڵێ سـەرەتای گەردوون لە تەپ و تۆزەوە هاتووە !!!پاشـان دوای ئەم قۆناغە قورئان باسـیی قۆناغیی دوای تۆز و دوكەڵەكەمان بۆ ئەكا كە نقوم بونیی زەوی بوو لەنـاو تەپ و تۆزیی گەردونـدا كە ئەویش قۆناغیی لێک جیا بونەوەیانە، خودای داناو زانا ئەفەرموێ :

(أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا...) [سـورەتـی الأنـبـيـاء30 ]

واتە :ئایا ئەوانەی بێباوەڕ بوون نەیانبینیووە و بۆیان ڕوون نەبۆتەوە بەڕاسـتی ئاسـمانەكان و زەوی یەک پارچە بوون لەوەودوا لێكمان جیا كردنەوهقۆناغیی دوای تۆز و دوكەڵەكەمان بۆ ئەكا كە نقوم بونیی زەوی بـوو لەنـاو تەپ و تـۆزیـی گەردونـدا كە ئەویش قـۆنـاغـیـی لـێـكـجـیـا بـونەوەیـانە خـودای دانـاو زانـا ئەفەرمـوێ: (أَوَلَمْ يَرَ الَّـذِيـنَ كَـفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا...) [سورەتی الأنبیاء30 ]

واتە :ئایا ئەوانەی بێباوەڕ بوون نەیانبینیووە و بۆیان ڕوون نەبۆتەوە بەڕاسـتی ئاسـمانەكان و زەوی یەک پارچە بوون لەوەودوا لێكمان جیا كردنەوە.

لێرەدا پەروەرێن باسـیی لێک جیاكردنەوەی زەویی ئەكات لەگەردونی

ســـاوا !!!کە لێرەدا زەویی وەکوو نمونەیەک هێناوەتەوە لەنێوان ئەو ژمـــارە زۆرەی هەســــــارەکـــان کە لە گەردوون جـــیـــا بـــونەتەوە. ئەم دیاردەیەش لە زانستدا لە ڕێی بیردۆزێکەوە باسی لێوە کراوە لەژێر نـــــاوی تەقـــــیـــــنەوە گەورەکە(big bang) .

بەڵام وەک ئەبـیـنـیـن کەمـێـک جـیـاوازیـی زاراوەیـی هەیە، زانســـت بەتەقینەوە و قورئان بە لێک جیاکردنەوە وەسفی ئەکا .کە دەستەواژە قورئانییەکە دەقیق ترە چونکە لەدوای تەقینەوە عەشـــوائییەت پەیدا ئەبێ و هیچ تەنزیمێک نامێنێ، بەڵام کەوترا لێک جیا کردنەوە ئەوکات ئەگەری تەنزیم بوون ئەبێ وەک چۆن ئەو تەنزیمەی ئێستا هەیە کە بە ئەنـدازەیەکیی وا ڕێکخراوە کە ئەقـڵ لە هەمبەریـدا دۆش دامـاوە !!!

.

**_دوای تەقینەوەکە**

لەدوای ئەوەی تەقینەوە گەورەکە ڕو یدا و گەردونیی لێ پەیدابوو، وە بەردەوامیش تاکوو ئەم دەقەیەی ئێستا گەردوون لەکشاندایە وەک لەم ئایەتەدا خوای پەروەردگار ئەفەرموێ:
(وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ)
واتە:ئێمە ئاسمانمان بەدەستی قودرەتی خۆمان دروست کرد، بەردەوامیش فراوانی دەکەین .[سورەتی الذاريات ٤٧ ].

ئەم تەقینەوەیە بووە خاڵی وەرچەرخانی دروست بونیی هەسارە و مەجەڕە و کلکدارەکان .لێردا قۆناغێکیی نوێ دەستپێ دەکات وەچەندین توخم و شتگەلێکیی نوێ دروست دەبن .لەوانە کات کە زۆربەی زانایان تیۆریی دروست بونیی کات دەدەنە پاڵ و هاوئاستیی تەقینەوە گەورەکە.

# بەشی دووەم

**-دروستکردنیی زەوی و فەراهەمهێنان و سازکردنی بۆ ژیان.**

پاش تەقینەوەکە 4.6 مليار ساڵ بەر لە ئێستا زەوی دروست بوو با بزانين پێغەمبەر (ص) چۆن باسيی دروست بونيی کردووە .

عن أبي هريرة قال أخذ رسـول اللّٰه صـلى اللّٰه عليه وسـلم بيدي فقال(( خلق اللّٰه عز وجل التربة يوم السـبت وخلق فيها الجبال يوم الأحد وخلق الشـجر يوم الأثنين وخلق المكروه يوم الثلاثاء وخلق النور يوم الأربعاء وبث فيها الدواب يوم الخميس وخلق آدم عليه السلام بعد العصر من يوم الجمعة في آخر الخلق وفي آخر ساعة من ساعات الجمعة فيما بين العص إلى الليل)) "صحيح المسلم "

واتە) لە ئەبا هورەيەرەوە ڕەزایـــخوای لێ بێ ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر دەستيی گرتووە و پێی فەرمووە خوای گەورە خۆڵی لە ڕۆژيی شەممەدا دروسـت کردووە، وە چياکانيشـی لە ڕۆژيی يەکشـەممەدا دروسـت کردووە،وە دارو سـەوزاييشی لەڕۆژيی دوو شـەممەدا دروسـت کرد، وە تاريکييشـی لەڕۆژيی سـێشـەممەدا دروسـتکردووە، وە ڕوناکيشـی لەڕۆژيی چوار شـەممەدا دروسـت کرد .گياندارەکانيشـيی تيايدا لەڕۆژيی پێنج شەممەدا دروست کرد .وە ئادەميشی) عليه السلام (خەلق کرد لە دوای عەسر لە ڕۆژيی جومعە ،لەکۆتايی ئەم خەلقە لە کۆتا ساتەکانيی ڕۆژيی هەينيی، لەنێوان عەسر بۆ شەو.

سەرەتا دێینە سەرباسیی فەرمودەکە تاکوو بزانین بۆچیی کاتی بەدیهێنانیی شتەکانیی بەڕۆژەکانیی هەفتە دیارییکردووە؟ گەر جوان لەفەرمووودەکە وردبینەوە دەبینین کە پێغەمبەر تەمەنیی زەوی لەسەرەتای دروست بونیەوە تائێستا بۆ ئێمەی بچوک کردووەتەوەو خستویەتییە ناو هەفتەیەکەوە واتە:بۆ سادەکردنەوەی باسەکە بۆ خەڵکیی سەردەمیی خۆی.تابەجوانیی تێ بگەن .چونکە شتەکە ڕوونە کە خەڵکیی پێش خۆمان زانیاری گەردونیی کەمتربووە لە ئێمە .

جا زانایانی فەلەک دەریی دەخەن کە زەویی لەدوای تەقینەوەکە درووستبووە و سەرەتا تۆپێک ئاگر بووەپاشان سارد بووەتەوە و بووە بە خاک ئەمەش ڕاستیی فەرموودەکە دەردەخات کە زەویی سەرەتا یەک پارچە خاک بووە پاشان قۆناغ بەقۆناغ وەک لەفەرمودەکەدا هاتووە گەیشتووەتە ئەمەی ئێستا کە ئەیبیینین.وە لەفەرمودەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمەی نەوەی ئادەم لەکۆتا ساتەکانیی تەمەنیی زەویداین و نزیک ئەبینەوە لەکۆتایی هاتنیی .

چونکە ئێوارەی جومعە کۆتا ساتیی هەفتەیە و ئەو هەفتەیە بەکۆتا دێ وە فەرمودەکەش ئەڵێ ئادەمیی بەدیهێنا لە نێوان عەسرەوە تاوەکوو ئەبێتە شەو.

وە شایەنیی باسە کە لەدەرەوەی ئەم فەرمودەیە و لەچەند فەرمودەیەک و ئایەتی دیکەدا باسیی خەلقی چەند مادەیەک کراوە لەوانە ئاوو ئاسن و چۆنێتیی پەیدابونیان لەسەر زەویی تاکوو ئێمەی

مرۆڤ کەڵکییان لێ وەربگریین .

سەرەتا با سیی ئاو دەکەین تا بزانین چۆنها لەزەویدا پەیدا بووە کە پێش تەقینەوە گەورەکە و دروست بونی گەردوون بونی هەبووە .وەک ئەم فەرمودەیە باسیی لێوە کردووەوفی صحیح) مسلم (عن عبدالله بن عمرو قال :قال رسول الله) صلی الله علیه وسلم ) :(إن الله قدرمقادیر الخلائق قبل أن یخلق السموات والأرض بخمسین ألف سنة، کان عرشه علی الماء( ، واتە :بەر لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویی )بەپەنجا هەزار ساڵ (خوای گەورە ئەندازەگیری گشت شتێکی کردو، ئەو دەمەش عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو.

وە خوای پەروەردگار دوای دروست بونیی زەوی ئاوی لە ئاسمانەوە دابەزاندووەتە سەر زەوی وەک ئەوەی زانستیی ئەمڕۆ دەڵێ کە کاتی خۆی هە سارۆکەیەکیی بە ستەڵەک خۆی کێشاوە بە زەویدا لەوەوە ئاو لەسەر زەوی پەیدا بووە .کە ئەم بیردۆزەش لەم دەقەی قورئاندا هاتووە :

(وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّاهُ فِي الْأَرْض...)

واتە :هەر ئێمە لە ئاسمانەوە بە ئەندازەو نەخشەیەکی دیاریکراو ئاومان دابەزاندووە، ئینجا لە ناخی زەویدا جێگیرمان کردووە.[سورەتی المؤمنون]

پاشان ئاسنیی لە ئاسمانەوە دابەزاندە سەرزەوی بەهەمان شێوەی ئاو وەک لەم ئایەتەدا ئەفەرموێ:(...وأنزلنا الحدید ...) واتە:(ئاسنمان

دابەزاند.)

پاش ئەم گۆڕانکارییکردنە خودای بەدەسـەڵات چینیی ئۆزۆنیی دروست کـرد بـۆ پـاراســتـنـیـی زەویـی لە تـیشــکە زیـان بەخشــەکـان وەک ئەفەرمـویێ:(وَجَـعَـلْـنَـا السَّـــمَاءَ سَـــقْـفًـا مَـحْـفُـوظًـا..) واتە: ئێمە ئاسـمانمان بۆکردوون بە سـەقفێکیی پارێزراو .کە لێرەدا وشـەی ئاسـمان مەبەسـت پێی چینیی ئۆزۆنە .[سـورەتی الأنبیاء32 ] هەروەهـا لە ئـایەتێکیی دییکەدا بـاسـیی سـیفەتێکیی ئەم چینیی ئۆزۆنەمـان بۆ دەکـات کە سـیفەتیی گەڕانـدنەوەی تیشـکە زیـان بەخشـەکانە بۆ گەردوون.وە گەڕاندنەوەی ئاو لەشـێوەی باران لەکاتیی سوڕیی ئاودا و وەگەڕاندنەوەی سەرجەم شەپۆلەکانە وەکوو(ڕادیۆیی و تەلەفۆنیی و مایکرۆیی) بۆ سەر زەوی.هەروەکوو دەفەرمویێ (وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ) واتە:ئاسـمانیی خاوەن سـیفەتیی گەڕاندنەوە. [سـورەتی الطارق11 ]لێرەدا وشەیی ئاسمان مەبەست پێی چینی ئۆزۆنە.

واللّٰه اعلم .

# بەشیی سێ

**ـ شێوەی زەوی**

لەپاش فەراهەمهێنان و ڕامهێنانیی زەوی تاکوو مرۆڤ بتوانێ تیایدا بژیی لێرەدا باسیی شێوەی زەویی دەکەین کە لەچەند ئایەت و فەرمودەیەکدا باسیی لێوە کراوە .

ئەوەی لە دەقەکانیی قورئاندا دەرئەکەوێ لەکۆنەوە تاکوو ئێستا ئەوەیە کە شێوەی زەوی شێوەیەکیی نیمچە گۆیی هەیە بەڕادەیەک کە زیاد لەشێوەی هێلکەی نەعامە ئەچێ وەکوو لەو وێنانەی زەویی کە لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە دەستمان کەوتووە دەبینین و بەتەواوی پشت ڕاستیی ئەم قسەیە دەکەنەوە، خوای پەروەدگار ئەفەرموێ(وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَاهَا)

واتە:دواتر زەویشی بەشێوەی هێلکەی نەعامەبەدیی هێنا. [سورەتی النازعات30 ]

شایەنیی باسە کە خەڵکیی بەسرە تا ئێستا بە هێلکەی نەعامە ئەڵێن "دحية "کە ئەکرێ فیعلی" دحا"ی ناو ئایەتەکەش لەم وشەیەوە وەرگیرا بێ و وەهیچ ئیشکال نییە تاکوو فیعلی" دحا "بەهێلکەی نەعامە "دحية" تەفسیر بکەین .

وە موفەسسیری بەناوبانگیی ئەهلیی سوننە ئیبن تەییمییە لەسەر ئەم باسە لە مەجموعیی فەتاواکەیدا لە بەرگی ٢٥ لاپەڕە ١٩٥ چاپی ساڵیی ١٩٩٤ لە یەکێ لە هاوەڵەکانیی امام احمدەوە ئەگێڕێتەوە و ئەفەرموێ:

"و كذالك أجمعوا على أن الأرض بجميع حركاتها من البر والبحر مثل الكرة"

واتە( زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کەزەویی بە و شکانیی و ئاوییەوە لەشێوەی گۆییدایە) .

بەڵێ وەکوو باسمان لێوەکرد شێوەی زەویی گۆیی نییە بەتەواوەتیی بەڵکوو لە ئەملاولاکەیەوە و لەناوەندیدا بەهۆی خێرا خولانەوەی بەدەوری خۆیدا بڕاوەتەوە واتە لە ناوقەدییەوە تەسک بووەتەوە هەروەکوو خوای زانا ئەفەرموێ) [أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنْقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا...]

واتە) :ئایا خوا نەناسان نەیانبینیوە، ئێمە چۆن ئەم لاو ئەو لای زەوی کەم دەکەینەوە) [سورەتی الرعد41 ]

بەڵێ ئەمە کۆمەڵێ بەڵگەی کەم بوون لەسەر گۆیی بوونی زەویی کە چەندەها بەڵگەی دیکەهەن لەقورئان و فەرمودەدا دەلالەت ئەکەن لەسەر گۆیی بونیی زەویی،وە ئێمە لەبەر درێژ نەکردنەوەی بابەتەکە نەمان هێنان وە" کوردەواری خۆشمان ئەڵێ ئەوکەسە کەسە ئەلیفێکیی بەسە"

**ــ زەویی چەقیی گەردوونە !!!**

ئەم باسە لەوانەیە کەمێک سەرنجت ڕابکێشێ بەوەی کە باسێکە تا ئێستا زانست بەهۆی فراوانیی گەردوونەوە نەیتوانییوە چەقەکەی دەست نیشان بکات واتە ئەم باسە لەڕویی زانستییەوە یەکلایی نەبووەتەوە .

لەسەر ئەم بابەتە زانای پایەداری کورد دکتۆر عبدالواحد محمد ساڵح لە تۆمارێکیی دەنگییدا و لەوتارێکدا ئاماژەیەکیی بچوکیی پێ دەکات دەڵێت" وە زەویش چەقیی گەردوونە، بەڵام ئێستا ناتوانین بیسەلمێنین بەڵکوو پێویستمان بەزانایەکیی موسوڵمان هەیە تاکوو لەداهاتوودا بەشێوەیەکیی زانستیی بۆ جیهانیی بسەلمێنێ" منیش بەهەمان شێوەی دکتۆر بەڵگەیەکیی وام لەبەردەست نییە تاکوو بیسەلمێنم .بەڵام ئەوەی لەئەنجامیی ئیجتیهاد و تێفکرینی چەند ساڵەی خۆمەوە بۆقورئان وەچنگم خستووە بۆ ئێوەی ئەخەمە ڕوو ئەگەر پێکام ئەوا لە زانست و فەزڵیی خوداوەیە ئەگەریش نەم پێکا ئەوالەنەزانیی خۆمەوەیەوە. ئەوەی وام لێدەکات بڵێم زەویی چەقی گەردونە ئەم دەقەیە (ما بین السماوات والأرض)

خوای پەروەردگار زۆرجار ئەم دەقە بەکاردێنێ لەقورئاندا .بڕوانە بۆچیی لەناو ئەو ژمارە بێشومارەی هەسارەو ئەستێرە ناوی زەویی هێناوەو کردوویەتیە بنکە بۆ ئاسمانەکان واتە ناوی زەوی هێناوەو کردووێتیە چەقێک بۆ ٧ ئاسمانەکەی کە لەسەروومانەوەیە خۆ ئەگەر

هەســـارەیەکـیـی دیـکە هەبـوایەو لە چەقـدا بـوایە ئەوا نـاوی ئەوی دەهێنا.بۆ نمونە دەیفەرموو (مابین السـماوات والقمر) یاخود (ما بین السماوات والشمس)

ئەمە ئەو بەڵگەیەیە کەوای لێکردووم بڵێم زەویی چەقیی گەردوونە چونکە ڕوونە تۆ ئەگەر بتەوێ شتێک دیاریی بکەی ئەوا ئەم سەروو ئەو سەریی شتەکە دیاریی ئەکەیت وەک ئەبینین خودا گەردنمان بۆ دیاریی ئەکـات وە ســەرێـکـیـی گەردونـیـی بەزەوی دیـاری کـردووە.دووبـارە دەیڵێمەوە گەر پێکابێتم ئەوا لەفەزڵی خوداوەیە ئەگەر نەشـم پێکا بێ ئەوا لەنەزانیی خۆمەوەیە .

**ـ خوای ئێوە ئەو خودایەیە کە شەوو ڕۆژ تێکەڵی یەکدیی دەکات.**

خوای زاناو بەدەسەڵات ئەفەرموێ ؛

(يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ...)

واتە:شـەو تێهەڵکێشـی ڕۆژ دەکات و ڕۆژ تێهەڵکێشـی شـەو دەکات .

[سورەتی الحدید6 ]

ئەگەر بێتوو لەدوورەوە و لەڕێی مانگە دەستکردەکانەوە سەیریی زەوی بکەین ئەبینین شـەو و ڕۆژ تێکەڵیی یەکدیی دەبنبەجۆرێک ئەوبەشـەی زەوی کە شــەوە بەڕەنـگـیـی ڕەش و وە ئەو بەشــەی زەویـی کە ڕۆژە بەڕەنگێکیی سپیی دەردەکەوێ .تێکەڵیی یەکدیی ئەبن وە بەردەوام ئەم ڕەنگە ڕەش و ســپییە بەدەوریی زەو یدا دەخولێنەوە بەجۆر ێک وەکوو ئەوە دەرئەکەوێ کە پێشــبڕکێ بکەن.هەمان ئەم دیمەنی پێشــبڕکێ کردنە خوای پەروەردگار لەقورئاندا باسی دەکات و دەفەرموێ :

(... يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا...)

واتە: شەو دەهێنێ بەسەر ڕۆژدا و دای دەپۆشێ و بەپەلە دێ بەدوایدا وەک ئەوەی بیەوێ بیگرێ) [سورەتی أعراف ٥٤]

بەڵێ ئەمە نزیکترین لێکدانەوە بوو بۆ ئایەتەکە، وە ئەم دیمەنە لەگرتە ڤیدیۆییەکدا ناســا لەڕێی مانگە دەســتکردەکانەوە تۆماریی کردووە و لەسایتیی فەرمیی خۆی داناوە ئەتوانیی بینەریی بیی.

# بەشی چوارەم

## ـ كۆتاییی گەردوون

تـا ئێســتـا زەوی لەجوڵەی بەردەوام دایە لەگەڵ خۆر و مـانـگ لەنـاو بۆشـایی گەردووندا مەلە دەکەن هەروەک خوای پەروەردگار ئەفەرموێ:

(لَا الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ)

واتە :نە بـۆ خـۆر دەکـرێ بـگـاتە مـانـگ، نە شــەویـش پـێشـــی ڕۆژ دەکەوێ هەریەکەیان لەخولگەی خۆیا دەســووڕێتەوە، وەك مەلەوان دێن و دەڕۆن لەبۆشایی گەردوندا. [سورەتی یس40 ]

بەڵێ ڕاگرتنیی ئەم هەسـارە و ئەسـتێرە زەبەلاحانە لەبۆشـاییدا کارێکی زۆرقورســە، خوای پەروەردگـار بە) کن فیکون (ێـک ڕای گرتوون لەڕێی هـێـزیـی کـێشــکـردنـیـی نـێـوانـیـان هەروەکـوو ئەفەرمـوێـت: (اللّٰهُ الَّـــذِي رَفَـعَ السَّـــمَاوَاتِ بِـغَـيْرِ عَـمَـدٍ تَـرَوْنَـهَـا...) واتا خودای ئێوە ئاسمانەکانیی ڕاگرتووە بەکۆڵەکەیەک کە ئێوە نایبینن. [سورەتی الرعد2 ]

دیـارە لێرەدا ئەو کۆڵەکەیەی ئـامـاژەی پێکراوە مەبەســت پێی هێزی کـێشــکـردنـی نـێـوان هەســـارەکـانە کە بەچـاو نـابـیـنرێـن. پاش ئەم هەموو سـوڕانەوەیە ئیتر کاتیی کۆتایی هاتنیەتی،کۆتایی گەردوون، کـۆتـایـی خـۆر،کـۆتـایـی زەوی، کـۆتـایـی مـانـگ.

ئێســتا کاتیی کۆتایی هاتنیی گەردوونە بەڵام پێش ئەوەی گەردوون بەکــۆتــا بــێ خــۆر و کــۆمەڵەی خــۆر کــۆتــایــان دێ.
خوای پەروەردگار ئەفەرموێ: (وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا ... ) واتە : خــۆر دەگەڕێ و تــا ئەوکــاتەی ئەگــاتە خــاڵــیــی سرەوتــن [سورەتی یس38 ]
ئەم دیاردەیە پێی ئەوترێ کۆتایی تەمەنیی ئەســتێرەکان، کە هەموو ئەســتێرەیەک ئەگاتە خاڵێک و لەوێدا دەتەقێتەوە دەبێتە خاڵێکییی ســـپـیــی کە لە گــاز و تەپ و تــۆز پــێــک هــاتــووە. هەروەکوو لە ئایەتێکیی دیکەدا باس لە لەدەستدانیی ڕوناکیی خۆرکراوە و ئەفەرموێ: (إذا الشمس کورت)
واتە :کــاتــێ خــۆر پــێــچــرایەوە و تــاریــك بــوو .(الــتــکــویــر) لەگەڵ کۆتاییهاتنی خۆر زەوی و تەواوی هەســارەکانیی کۆمەڵەی خۆر کۆتاییان دێ.
وەک باسمان کرد پاش ئەوەی خۆر کۆتایی هات ئنجا گەردوون کۆتایی دێ باسەرنجی قورئان و فەرمودە بدەین تا بزانین چۆن باسکراوە .

**-کۆتایی گەردوون و دوبارە دروستکردنەوەی!!!**

خوای پەروەردگـار بەم شــێوەیە بـاســیی کۆتـایی گەردوون ئەکـات: (يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ...)

واتە:ئەو ڕۆژە ئاسـمان ، وەکو هەڵپێچانی تۆماری کاغەز بۆ نووسـیین هەڵدەپێچی،[سورەتی الأنبياء104 ]

ئێسـتا خۆر و زەویی و گەردون نەماون،بەڵام خوای پەروەردگار دووبارە دروستیان دەکاتەوە.

لەهەمان ئایەتی سـەرەوە خوای پەروەردگار دێتە سـەر باسـیی دووبارە دروستکردنەوەی و دەفەرموێ: [...كما بدأنا أول خلق نعيدة]

واتە هەر وەك چۆن لە سـەرەتاوە دروسـتمان کرد، دیسـان هەر ئاوایش وەك خۆی لێ ئەکەینەوە.

بەڵێ خۆر دوبـارە دێتەوە زەوی دوبـارە دروســـت ئەبێتەوە تـا نـاکۆتـا هەردەمێنن هەروەکوو چۆن خوای پەروەردگار لەباسـیی بێ باوەڕەکاندا کە لە جەهەننمدان ئەفەرموێ: [خـالـدين فيهـا مـا دامـت الســموات والأرض]

واتە :تا ئاســمانەکان و زەویی هەبن، ئەوانیش تێیدا ئەمێننەوە .واتە چۆن ئەودوانە تـانـاکۆتـا ئەمێننەوە ئەوانیش ئـاوهـا لەجەهەننمـدا دەمێننەوە.(هود107 ]

پاش درو ستکردنەوەی ئا سمانەکان، زەوی بە شێوازێکیی نوێ درو ست ئەکرێتەوە .کە من گومان ئەکەم تەقینەوەیەکیی هاوشێوەی تەقینەوە

گەورەکە دووبارە ڕویدابێتەوەو ئاسـمانەکانی لێ دروســت بوبێتەوەو زەوییش دووبارە بەشـێواوێکیی نوێ دروسـتبوبێتەوە.کە لەسـەرەتادا ڕۆژی قیامەتی لەسەر بەرپا ئەبێ .

بەڵام ئەو زەوییە، ئەم زەوییەی ئێســتا نییە .بەڵکوو گۆڕانکارییەکەی بەرچـاوی تـێـداکـراوە، هەر لەشـــێـوەکەیەوە بـگـرە تـامـادەکـانـیـی نـــاوی.هەروەک چـــۆن خـــوای پەروەردگـــار ئەفەرمـــوێ: [یوم تبدل الأرض غیر الأرض و السموات...]

واتە :لە رۆژی قیامەتدا کە ئەم زەوییەی ئێستایە ئەگۆڕدرێ بە زەوییەکی تر، وەهەروەهائاسمانەکانیش. [ابراهیم48 ]

(بـــا ســـەرنـــجـــیـــی ئەم فەرمـــودەیە بـــدەیـــن.

عن سهل بن السعد قال:سمعت النبي صلى اللّٰه علیه وسلم یقول یحشر الناس یوم القیامة علی أرض بیضاء عفراء کقرصة النقي)

واتە :لەڕۆژیی قیـامەتـدا خەڵکیی لەســەر ئەرزێکیی ســپیی پـاک و بێگەردیی تەخت حەشر دەکرێن.وەک لەفەرمودەکەدا دیارە شێوەیەکیی نوێی هەیە کە تەختە و لە شـێوە گۆییەکەی تێک ئەچێ هەروەک ابن عباس ئەڵێ: (إذا کان یوم القیامة مدت الأرض مد الأدیم)

واتە :کاتێک ڕۆژیی قیامەت هات، زەوی درێژ دەکرێتەوە .وەکوو ئەوەی پێســت درێژ بکرێتەوە.بەڵێ لەمەبەدوا زیانیاریی ترمان لانییە تا بزانین زەویی چی بەســەردێ، ئاخۆ مەخلوقی جیاوازیی بۆ دێ و وەکوو ئێمە دەست بەسەر سەرزەویدا دەگرن یاخود نا.هیچ زانیاریمان نییە و نایزانین

# بەشی پێنجەم

خـوێـنەریـی خـۆشـەویسـت ئەم بەشـەمـان تـایـبەت کـردووە بە وەڵامـدانەوەی گومـانەکـان، کە زۆربەی دژە ئیسـلامەکـان نەزانـانە و نازانستییانە ساڵانێکیی زۆرە ڕەخنە لە چەند ئایەتێکیی قورئان دەگرن کە سـەرجەم ڕەخـنەکـانـیـان بـێ بـنەمـان .لەم بـارەوە خـوای پەروەردگـار ئەفەرموێ: (...وَلَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً)
واتە:هەرگیز خـودا بەڵـگەیەکیـی نەداوەتە دەسـت بێبـاوەڕانەوە تـا بەهۆیەوە بەسەر موسڵمانـاندا زاڵبن [سورەتی النساء141 ]

## (گومانە سەرەکییەکان)

### ـ زەوی تەختە

زۆرێک بێ باوەڕان یاخود بەشێکیش لەموسوڵمانانان ئەو گومانەیان لا دروست بووە کە زەوی تەختە چونکە لەچەند ئایەتێکیی قورئاندا وتراوە )زەویمان درێژ کرد یاخود زەویمان ڕاخست یان زەویمان تەخت کردووە ( بۆ ئەم قسانە چەند ئایەتێک دێننەوە کە پشتیوان بەخوا یەک بەیەک شیکاریان بۆدەکەین تا بزانین قسەکەیان ڕاستە یاخود نا.

**یەکەم:**

خودا دەفەرمووێ (وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ بِسَاطًا)[نوح19]

واتا: خودا زەوی بۆ تەخت کردوون.

لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی کە زەویی گۆییە بەڵام خودا بەتوانا و قودرەتیی خۆی بە شێوەیەکیی لێکردووە کە وادەربکەوێ تەختە .لەچاوی ئێمەدا.

**دووەم:**

(الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ فِرَاشًا)[البقرة22]

واتا : ئەوزاتە زەوی بۆ کردوون بە فەرشـو جێگای نیشـتەجێبوون. وەک ئەزانین فەرش تەختە، بەڵام لێرەدا مەبەسـت پێی ئەوەیە کە لەچاوی ئێمەدا تەختە چونکە لە ئایەتەکەدا باسـی مرۆڤ کراوە واتە لەچاویی ئێوەدا وایە.

**سێیەم:**

(وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا)[ ق7]  واتا : (زەویمان درێژ کردۆتەوە)

وەک ئەڵێن ئەگەر شـتێک درێژ بێت تەخت ئەبێ .بەڵام وانیە لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە ئەگەر چەنێک بڕۆیت و دەوران بکەیت ئەوا قەت ناگەیتە خاڵێک و تێیادا بتوەسـتێنێ چونکە زەوی گۆییە و بەردەوام لە جوڵەدا ئەبیی .و ئەکرێ درێژ کردنەوە جوانترین وەسـف بێت بۆ گۆیی بوون.

ئەمە ئەو سـێ ئـایەتە بوو کە بەزۆریی وەکوو بەڵگە ئەهێنرێتەوە . هیـوادارین وەڵامێکیی پـوختـمان دابێـتەوە .لەبەر درێـژنەبـونەوەی بـابەتەکە ئـایەتەکـانـیی دیکە و تەفـاسـیـلـیی زیـاتـرمـان نەدا.

**ـ زەوی لەسەر حوت ڕاگیراوە**

ئەمە پێشتر لە ئەفسانە کۆنەکانەوە وەرگیراوە و ئێستا لەتەفسیری ابن کسـیردا لەسـورەتیی القلم چەند حەدیسـێک دێننەوە کە ئەم بابەتەی تێدا باسـکراوە. لەتەفسـیری ئایەتیی یەکەم، دوو حەدیس هاتووە و ئەڵێ زەوی لەسـەر" نون "دانراوە .وەچەند موفەسـیرێک وشـەی نون بەحوت تەفسیر دەکەن، ئەمانە فەرمودەکانن.

**یەکەم :**

وقيل : المراد بقوله ) : ن ( حوت عظيم على تيار الماء العظيم المحيط ، وهو حامل للأرضين السبع ، كما قال الإمام أبو جعفر بن جرير :"حـدثنـا ابن بشـار ، حدثنا يحيى ، حدثنا سـفيان - هو الثوري - حدثنا سـليمان - هو الأعمش - عن أبي ظبيان ، عن ابن عباس قال : أول ما خلق الله القلم قال : اكتب . قال : وما أكتب ؟ قال : اكتب القدر . فجرى بما يكون من ذلك اليوم إلى يوم قيام الساعة . ثم خلق " النون " ورفع بخار الماء ، ففتقـت منـه السـماء ، وبسـطـت الأرض على ظهر النون ، فاضـطرب النون فمادت الأرض ، فأثبتت بالجبال ، فإنها لتفخر على الأرض. "

**دووەم:**

"وكذا رواه ابن أبي حاتم ، عن أحمد بن سنان ، عن أبي معاوية ، عن الأعمش به . وهكذا رواه شعبة ، ومحمد بن فضيل ، ووكيع ، عن الأعمش ، به . وزاد شعبة في روايته : ثم قرأ ) : ن والقلم وما يسطرون (وقد رواه شريك ، عن الأعمش ، عن أبي ظبيان - أو مجاهد ، - عن ابن عباس فذكر نحوه . ورواه معمر ، عن الأعمش : أن ابن عباس قال . . . فذكره ، ثم قرأ ) : ن والقلم وما يسطرون ( ثم قال ابن جرير : حدثنا ابن حميد ، حدثنا جرير ، عن عطاء ، عن أبي الضحى ، عن ابن عباس قال : إن أول شيء خلق ربي عز وجل القلم ، ثم قال له : اكتب . فكتب ما هو كائن إلى أن تقوم الساعة . ثم خلق " النون " فوق الماء ، ثم كبس الأرض عليه. "

سەرەتا ئەم حەدیسانە زەعیفن و لە ئیسرائیلیاتەکان حیساب ئەکرێن . بەپێی قسەی عولەمایان.پاشان گریمان ڕاستیش بوون،وەک ئەبینین لەو دوو حەدیسەدا بەهیچ شێوەیەک بەسەریحی نەوتراوە کە زەویی لەسەر حوت ڕاگیراوە بەڵکوو وتراوە نون و بەشێکیی کەم لەموفەسسیران وشەی نون بەحوت تەفسیر دەکەن .بەڵام گونجاو ترین تەفسیر کە ئەوەیە کەوشەی نونی ناو ئایەتەکە و ناوحەدیسەکە لە حروفە موقەتتەعەکان هەژمار بکرێ تەفسیری حوتی بۆنەکرێ .

وەکوو (ص*ق) کەلەسەرتای سوڕەتەکاندا هاتوون و هیچ تەفسیرێکی بۆ نەکراون.

**ـ ئایا قورئان و فەرمودە دژی یەکدیی وەستاونەتەوە لە باسکردنیی کاتیی ئەو ماوەیەی کە خودا زەوی ئاسمانی دروست کردووە.**

دژە ئیسلامەکان و وە بەشێکیش لە موسوڵمانان ئایەتێک و حەدیسێک دێننەوە گوایە دژی یەکدیی وەستاونەتەوە .گوایە لە ئایەتەکەدا باس لەوە کراوە زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست بووەو لەفەرمودەکەدا ئەڵێ لە 7 ڕۆژ. دژە ئیسلامەکان ئەم دووانە بەبەڵگە دێننەوە بە پوچ دانانی ئاینی ئیسلام .موسڵمانانیش ئەکەونە هەڵەوەو حەدیسەکە بەزەعیف دائەنێن و ئەڵێن ئایەتەکە ڕاستە.دیارە قسەی هەردولایان هەڵەن .پشتیوان بەخوا لەم باسەدا باسیی ئەکەین .

ئەمە ئایەت و فەرمودەکەن.

**ئایەتەکە:**

(قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ) [سورەتی فصلت9 ]

**فەرمودەکە:**

«7231»حدثني سريج بن يونس وهارون بن عبد الله قالا :حدثنا حجاج بن محمد قال :قال ابن جريج أخبرني إسماعيل بن أمية عن أيوب بن خالد عن عبد الله بن رافع مولى أم سلمة عن أبي هريرة قال أخذ رسول الله صلى الله عليه وسلم بيدي فقال :خلق الله عز وجل التربة يوم السبت وخلق فيها الجبال يوم الأحد وخلق الشجر يوم الاثنين وخلق

المكروه يوم الثلاثاء وخلق النور يوم الأربعاء وبث فيها الدواب يوم الخميس وخلق آدم عليه السلام بعد العصر من يوم الجمعة في آخر الخلق وفي آخر ساعة من ساعات الجمعة فيما بين العصر إلى الليل. 'صحيح المسلم'.

وەک ئەبینین لە ئایەتەکەدا باس لەوە کراوە کە زەویی لەماوەی 2 ڕۆژدا دروست کراوە وە لەفەرمودەکەشدا تەمەنیی زەوی ئەکاتە 7 ڕۆژ.وەڵاممان بۆ ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە هیچ تێک گیرانێک لەنێوان ئەو دووە نییە چونکە لەئایەتەکەدا باسیی سەرەتای دروست بوونی زەوی کردووە، واتە ئەو ڕۆژانەی کە خایەندویەتیی بۆ دروست کردن .وە لەفەرمودەکەدا باسیی تەمەنیی زەوی کردووە لەسەرەتای دروست بونیەوە تاوەکوو کۆتایی دێت، نەوەکوو باسی کاتیی دروستکردنی . لەفەرمودەکە تەمەنیی زەوی تا ئەم دەقەیەی ئێستا کراوە بە 7 ڕۆژەوە و بەڕێژەیی کراوە .وەکوو لە بەشیی دووەمدا بەتەفاسیل باسمان کردووە .

وە فەرمودەکەش لەڕوی سەحیحیەوە هیچ کێشەیەکیی نییە بەڵکوو ئەگەر نەڵێین ڕای اجماع لەسەر ئەوەیە کە بەهێزە،ئەوا ڕاکان لە جمهور بەهێزترن لەسەر سەحیح بونی. فەرموودەمەش ئەم زانیانە بەسەحیحیان داناوە.(البانی - ابن الجوزی- ابی بکر الانباری-ابی الفرج)

وەهەر بۆزانیاری مامۆستا هاوڕێ قیامەتی و دکتۆر عبدالواحد لە چەند وتارێکدا جەختی تەواوەتیان لەسەحیح بونی کردووەتەوە. وەشێخ البانی لەم بارەوە ڕایەکیی جوان و جیاواز لەوەی ئێمەی هەیە لەم بارەوە و ئەڵێ:

"ولا مطعن في إسناده البتة ,وليس هو بمخالف للقرآن بوجه من الوجوه ,خلافاً لما توهمه بعضهم ,فإن الحديث يُفَصِل كيفية الخلق على الأرض وحدها ,وأن ذلك كان في سبعة أيام ,ونص القرآن على أن خلق السماوات والأرض كان في ستة أيام ,والأرض في يومين لا يعارض ذلك,لاحتمال أن هذه الأيام الستة غير الأيام السبعة المذكورة في الحديث ,وأنه – أعني الحديث – تحَدَّث عن مرحلة من مراحل تطور الخلق على وجه الأرض حتى صارت صالحة للسكنى ,ويؤيده أن القرآن يذكر أن بعض الأيام عند الله تعالى كألف سنة ,وبعضها مقداره خمسون ألف سنة ,فما المانع أن تكون الأيام الستة من هذا القبيل؟ والأيام السبعة من أيامنا هذه؟ كما هو صريح الحديث ,وحينئذ فلا تعارض بينه وبين القرآن" []"تحقيق مشكاة المصابيح.(3/1598)"

"لێرەدا لەبەر درێژ نەبونەوەی بابەتەکە قسەکەی شێخ البانیی ناکەینە کوردیی".ئەمە بەشێک لەوگومانانە بوون کە لەسەر قورئان هەڵچنرابوون لەڕوی گەردونییەوە .هیواداریین توانیبێتمان بیان ڕەوێنینەوە لە مێشک و هزری خەڵکیدا.

لێرەدا دێیانە کۆتایی باسـیی گەردوون لەڕوانگەی قورئان و فەرمودەوە هیواداریـن لە ئاستی ئەو باسەدا بێ کە لەقورئان و فەرمودەدا هاتووە و خاڵە سەرکییەکانمان دەست نیشان کردبێ و لانی کەم بەشێکیی مافی خۆیمان پێدابێ .هیواداریـن ئێوەی خۆشـەویسـت سـودی تەواوەتییتان لێ بینیبێ .و ئەگەر ڕا ست بووم لەخوداوەیە ئەگەریش هەڵەم کرد ئەوا لەخـۆم و نەفســـی بەدخـومەوەیە .خـودا لەگـونـاهـمان خـۆش بـێ و لێمانیی قبوڵبکات.لە دوعاکانتان بێ بەشمان مەکەن .

**ستافی دییدات**

**[12.9. 2018] [2. محرم. 1440 ]**

## _ ناوەڕۆک _

**پێشەکی...............................................................................٤**

**زانستیی گەردووناسی (cosmography) ................................٦**

**_بەشی یەکەم ...............................................................................**

سەرەتای گەردوون...................................................................٩

دوای تەقینەوەکە......................................................................١٢

**بەشی دووەم.........................................................................**

دروستکردنیی زەوی و فەراهەمهێنان و سازکردنی بۆ ژیان..............١٤

**بەشیی سێیەم...........................................................................**

شێوەی زەوی ........................................................................١٩

زەوی چەقی گەردوونە..............................................................٢١

خوای ئێوە ئەو خودایەیە کە شەوو ڕۆژ تێکەڵیی یەکدیی دەکات.......٢٣

**بەشی چوارەم.........................................................................**

کۆتایی گەردوون.......................................................................٢٥

کۆتایی گەردوون و دوبارە دروستکردنەوەی..................................٢٧

**بەشی پێنجەم...........................................................................**

زەوی تەختە...........................................................................٣١

زەوی لەسەر پشتی حوت ڕاگیراوە..................................................٣٣

ئایا قورئان و فەرمودە دژی یەکدیی وەستاونەتەوە لە باسکردنیی کاتیی

ئەو ماوەیەی کە خودا زەوی ئاسمانی دروست کردووە.................٣٥